# پشکێك بچوك لە یادگارییەکانی ئەنفالی چوار

عەلي مەحموود محەمەد

کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە لە بەرواری 3-5-1988 , سەرەتا و دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار بوو لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال , ئەو ئەنفالەی دەیان هەزار هاوولاتی کوردی لەگەلّ خۆیدا بۆ مەرگ برد و راپێچی مەرگەسات کرد, مەرگەساتێکی وا زیندووەکانیش ئاه بۆ ژێر بیابانەکان دەخوازن, ئەو ئۆپەراسیۆنەی تەنها یەکێك بوو لە کۆی 8 ئۆپەراسیۆنی دی , سەدان گوندی لە دوای خۆیەوە بە روخاوی لە پێدەشتە نەبڕاوەکانی کەرکوك و هەولێرو هەڵەتەکانی کۆیەو قەلاسیۆکەو کێوو و دۆڵەکانی چەمی ڕێزان و بنارە سەختەکانی دوکان و خەلەکان و نزمانی و پێ دەشتاییەکانی شوان و بناری قەرەچوغ بەجێ هێشت , چەپەکترین گوندی ئەم کوردستانە لێی ڕزگاری نەبوو , جێدەستی سوپای ئەنفال بە بست بە بستی ناوچەکەوە دیاربوو, ئەنفال ئەوەندە دڕندانە بوو مەرگی ناشرین کرد, فاشیەتی شەرمەزارکرد, لمۆزی شۆفەڵەکانی گەیشتووە بە هەر کوێیەك, لە دوای خۆیەوە وێرانی کردووە و مەرگستان و کەلاوەی بەجێهێشتووە, سوپای ئەنفال لە جیاتی شارستانییەت و ئاوەدانی کاولکارییان هێنا , ئەو گوندانەی شارستانیەت لێیانەوە سەری هەڵدا , کۆنترین گوندی جیهان بوون , بە درێژایی ماوەی هەزاران ساڵ ئاوەدان بوون , هۆلاکۆ وێرانیانی نەکرد, کەچی ئەنفال هەموویانی خاپوور کرد ( چەرموو – چەم ڕێزان , دوو ناوی ناسراوی جیهانین بۆ ئاوەدانی و شارستانییەت و قۆناغی کشتوکاڵ , کەوتوونەتە ئەم دەڤەرەوە ) .

سنووری ئەنفالی چوار لە بناری دوکانەوە دەستی پێکرد , تاکو لێوار و کەنارەکانی کەرکوك و هەولێر بە درێژایی ئەمبەر و ئەوبەری زێی بچووك شۆڕبوەوە بۆ ڕۆخی پردێ , لەوێوە بۆ کلکەی قەرەچووغ , لە بەشی باکووری چەمچەماڵەوە بۆ دەم زێی بچووك , ئەو زێیەی بە درێژایی مێژوو , ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەدان بووە , لەگەلّ خۆیدا سنووری نێوان هەردوو پارێزگای کەرکوك و هەولێری بەش دەکرد .

ئەنفالی چوار سنووری چەندین شاروشارۆچکەی گرتەوە ( چەمچەماڵ , تەکیە , قەرەهەنجیر , ئاغجەلەر , کۆتەڵ , تەقتەق , قوشتەپە , کۆیە , دێگەڵە , پردێ , شوان , دوکان , خەلەکان , مەخموور ... ) , لەو سنوورە پان بەرینە لەم ماوەی چەند ڕۆژێکدا, شوێنەواری شارستانییەت و ژیانی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی بە تەواوی سڕایەوە, هەر لەو گوندانەوە شارستانییەت سەری هەڵدا , مرۆڤایەتی گەشەیکرد , دوای هەزاران ساڵ ئاوەدانی و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی , داهێنان و پێشکەوتن, کران بە وێرانە و کەلاوە, کۆنترین گوندەکانی جیهان هەمو تەخت کران, لە ناو لادێ ڕوخاوەکان شوێنەواری مەرگ دەبینرا , هێشتا بۆنی گەوەڕو مەڕو مالات و جیقنەی مریشکەکان دەهات, جار جارەش پەلەوەر و گیاندارێکی تەریك کەوتوو , جگە لە دار تەلی شۆڕەوە بووی کارەبا, چەم و ڕەزی چۆڵ , داری سوتاو و لادێی ڕوخاو, خۆلۆمێشی سوتان و بۆگەنی ئاژەڵ و پەلەوەری مردارەوە بوو هیچی دیکە بە جێ نەما , مرۆڤ و ئاژەڵ , مێرولە و باڵندە , دار و درەخت هەموو بە پێی بڕیاری 4008 بەعس, جاڕنامەی مەرگیان بۆ درا, ئەو ڕۆژانەی لەناو ئەو تارمایانە ژیانمان بەڕێکرد لە بۆنی مەرگدا گێژ ببوین, بۆیە کارکردن بۆ ئەنفال کارکردن لەسەر ئێسك و پروسك نییە, کارکردنە بۆ ئەوەی تارماییەکانی مەرگ جارێکی دیکە نەبینینەوە.

ڕۆژی سێشەممە بەرواری 3-5ی ساڵی1988, ئەو ڕۆژەی خەڵکی گۆپتەپە و دەڤەرەکە, سەرباری هاتنی هەواڵەکانی هێرش بۆ سەر ناوچەکەیان , سەرباری لێبوردنێکی ڕانەگەیەنراو بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی شاڵاوی ئەنفال پێیان نەگەیشتبوو " بەڵگەنامەکە لە خوارەوەیە " , جگە لە ژیان و ئاسایش , بیریان لە هیچی دیکە ناکردەوە, ئەوان لە زووەکەوە قاڵبووی پەنجە نەرمکردن بوون لەگەڵ کارەساتەکان , ڕاهاتبوون لەگەڵ مەرگە بە کۆمەڵەکان, قاڵبووی ناو ئازارەکانی ژیان و بەرەنگاربونەوە بوون, سەرباری هەواڵە ناخۆشەکان وەلێ ئاسۆی ژیان هێشتا لای دانیشتوانی گۆپتەپە و دەڤەرەکە مابوو بە قەتماغەی مەرگەوە, بهارەکەی تەڕ و پڕ و خۆش بوو وەك ئەمساڵ , دەغڵ و دانی ناوچەکە تا چاو بڕ بکات سەوز دەچووەوە , گۆپتەپە خاوەند خاکێکی کشت و کاڵی بەراو و زەوی دێمی بە پیت و بەرەکەتە , کێڵگەی بەرینی گەنم و جۆ, مەرەزەی سەوز , گۆلی تەماتە و سەوزە, کێڵگەی لۆکەو گوڵە بەڕۆژە , بامیە و شوتی , ڕەزی هەنجیر و قەیسی و هەنار, سەوزایی گۆلە توتنەکان ... ئەو ناوەی نەخشاندبوو , گوڵە گەنم و جۆ و گوڵە بەڕۆژەکان سەریان نابوو بە سەری یەکەوە , لە سوجدەدا بوون بۆ تیشکی زێڕینی خۆرەتاو , هەموو پێکڕا بە داماوییەوە سەیری گۆپتەپەیان دەکرد , وەشتێکی نەرم , کزە بایەکی غەمگین مژدەی هاوینی پێ بوو, بە هێمنی هەڵیکردبوو, گولیلکە نیسان لە ناو ئەو دەریای سەوزاییەدا کەروێشکەیان دەکرد , دەغڵ و دانی ئەو دەشتاییە بۆ ژیان سەمایان دەکرد , کە چاوت بە شیوو دۆڵ و دارەکان دەکەوت , هەستت بە سوکنایەتی لە ڕوحەوە دەکرد, ڕۆژێکی سامال و خۆش , لە قولایی ئاسمانیش پەڵە هەورێك بچوك نابینرا , شینایی ئاسمان ئاوی لەچاو دادەهێنا , نوزەی کزە بای وەشتە هێواشەکە, نەرمە جۆلانێی بە دەغڵ و دانی ئەو دەڤەرە دەکرد, لە دورەوە کەروێشکەی دەغڵ و دانەکە شادی دەزاندە قولایی دڵەوە, لێ دڵێك پەیتا پەیتا هەواڵی ناخۆشی بۆ دەهات و لە دورەوە گوێ بیستی لێدانەکانی دەبووی, دڵەکانی ئەو ڕۆژانە ئارامییان لە دەست دابوو, گڤەی ئەو شنە بایەیەی بۆنی ڕوبار و باخەکانی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەناو دەهێنا.

خۆرەتاوی ئەو ئێوارانە تیشکی زێڕینی بەسەر دۆڵ و شیوو هەڵەت و تەختاییەکانی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیدا بە یەکسانی دەبەخشییەوە, روباریش بە گەورەیی خۆی بەردرابووەوە, تریسکەی تیشك دانەوەی تەنەکەی سەر شان کچان , لەگەڵ بریقەو باقی جلە ڕەنگاوڕەنگەکانیان لە دورەوە دەبینراو تریسکەی زێڕینی دەدایەوە, جوانییان لە گولیلکە نیسانی بنار تەپۆلکەکان دەسەندەوە .

خەڵکی دەڤەرەکە چەندین ڕۆژ بوو لە دڵە ڕاوکێیەکی داچەڵەکێنەردا دەژیان , هەواڵ لە دوای هەوالیان پێ دەگەیشت , پەیام لە دوای پەیام لە شارەکانەوە دەهات و بروسکە ئاسا خۆی دەکرد بە ناوچەکەدا , بە خێرایی بە شاخ و هەڵەتەکاندا گوزەری دەکرد و خۆی دەکرد بە ماڵاندا, هەمووی باسیان لە نزیکبوونەوەی هێرش دەکرد بۆ سەر ناوچەکەیان , هەمووو هەواڵی مەرگ و ماڵوێرانی بوون, خەڵکەکە نیگەران بوون لە چارەنووسی نادیاری خۆیان , پەیتا پەیتا لە شارەکانەوە لە کەس و کاریانەوە نامەو ڕاسپاردەیان پێ دەگەییشت بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن, وەلێ ڕێگاکانی دەربازبوون هەموو گیرابوون , دەروازەکانی ژیان پێوە درابوون , هیچ ڕێگایەکی ڕزگاربوون بۆ خەڵکەکە نەمابووەوە, کۆمەڵێك بەرپرس کە زۆریان خەڵکی ناوچەکە نەبوون , یاخود ماڵ و کەس و کاریان لە دەڤەرەکە نەمابوون و رزگار ببون, تاکو لە هێرش بۆ سەر ناوچەکە لە دەستی بدەن , ڕێگەیان لە خۆ ڕزگار کردنی خەڵکەکە دەگرت , هیچ دەروازەیەکی دەرچونیان نەهێشتبوەوە بۆ جەماوەر, کەچی لە کاتی هێرشیشدا زەوی قوتیانی دا , هەرە سومبلەکانی قەرەمانیەتییان لە بەردەم شاڵاوی هێرشەکان بە چۆکدا هاتن , نەیان توانی یەك چرکە داکۆکی لەو شوێنانە بکەن کە پرسگەی ڕێگە گرتن لە دەرچونیان بۆ جەماوەر تیایدا دانابوو , بەمەش هەزاران نیچیریان خستە بەردەست تاوانباران, نایان زانی ئەوەی دەیکەن تاوانێکی نێونەتەوەییەو بە

تاوانی جەنگ بە ناوبانگە, بە بارمتە کردنی خەڵك بۆ رزگار کردنی خۆ, ئەوان وایان دەزانی وا راهێنرابوون هەر کارێك بکەن ئازادن, لەبەر ئەوەی پێشمەرگەن یاسا نایانگرێتەوە .

سەیرکەن و جوان سەرن جبدەن و بنواڕن , بزانن چۆن بەڕێز مەلاشاخی ئازایانە باسی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەکات : (سەرلەبەیانی رۆژی 3-5-1988 لەسەر داوای (مامۆستا باپیر)لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر)کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا, بە مەبەستی شیکردنەوەی باروذۆخ و مەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە داڕشتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنوورەکان.

لەو کۆبونەوەیە دا...رەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا....چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم!؟)* *ئەنفالی خاڵخاڵان مەلا شاخی چاپی یەکەم 2001 .

دیارە ئەوە تەنها نموونەیەکە لە ناو دەیان نموونەی دی , لەمبەر و ئەوبەری زێ , بەرپرسان ڕێگریان لە خۆ دەربازکردنی خەڵك گرت , سنوورەکانی دەربازبونیان لەبەردەم ڕزگاربوونی خەڵك داخست .

لەو لاوە لایەنێکی دیکە بە پێچەوانەی لایەنەکەی مەلا شاخییەوە کە ینك ە , پارتییەکان هەموو ورەیەکیان لەدەست دابوو , بانگەوازی خۆ قوتار کردن و بێ ئومێدی بەرگریی کردن و کۆتایی خەباتی چەکدارییان دەدا بە گوێی خەڵکەکەیا, ئێستاش خاوەندی سەروەرییەکانی خەباتی چەکدارین !! , وەك چۆن ئەوانەی رێگرییان کرد لە دەرباز بوونی خەڵك بونەتە خاوەند کەسوکاری قوربانیان.

" لە ڕۆژانی پێش ئەنفالی چوارەمدا ئەو پێشمەرگانەی لە خوار شکابوون هاتبوونە گۆمەشین و خۆیان کۆدەکردەوە , کوڕێکی هەرزەکاری خەڵکی گۆمەشین , کە لەو دەمەدا تەمەنی سیانزە ساڵ بوو , مەزەندەی (200-300) پێشمەرگەی دەکرد کە لە سەرەتای مایسدا لەو ناوەدا بوون , ڕۆژێك دوای هێرشە کیمیاوییەکەی کۆپتەپە بریاریان دابوو بڕۆن بۆ ئێران و تراکتۆری گوندنشینەکانیان گرتبوو بۆ گواستنەوە , خەڵکی گۆمەشین دەستەو دامێنیان بوون زۆریان لێ پاڕانەوە واز لە خەڵکەکە بێنن و تاقە هۆکاری دەربازبوونیان لە دەست نەکەنەوە , بەڵام پێشمەرگە گوێیان پێ نەدان , بە هەرحاڵ دەمەوبەیان تراکتۆرەکان بە بەتاڵی لەگەڵ شۆفێرەکانیان گەڕانەوە و خەڵکی کەوتنە ڕاکردن بەرەو لای کۆیە _ جینۆساید لە عێراقدا , پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , سلێمانی ل323 ساڵی 1999) .

لە هەموو ساڵە نەهامەتییەکانی کورد لە سەر زەوی , بە پێچەوانەوە ئاسمان بەزەیی بارانی خۆی بەسەر خاکدا دەبارێنێت, ئەو ساڵەش بەهەمان شێوەی ساڵە سەرە خۆرەکانی دیکە , خاك تێرەو قوڵپی ڕشانەوەی ئاوی باران دەدات . بەڵام خۆشی ساڵی هات بەو خەڵکە چی ! , ئەوان چارەنووسی خۆیان , لە ئاوێنەی چارەنووسی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ دەبینییەوە , ئەو سەروەت و سامانەی بە ڕەنجی چەندین نەوە کۆیان کردبوەوە , ئەو چرکە ساتە باری گران بوو بۆیان , نایان زانی چی لێبکەن , هیچ ئومێدێك بە ژیان لای خەڵکی ئەو ناوچەیە نەمابوو , ژیان زۆر ناشرین ببوو , مەرگ خەریك بوو وردە وردە لە دڵی خەڵکەکەدا شیرین دەبوو.

چومە ماڵێك پیرێژن تاقە بەرانەکەی بۆمان سەربڕی بوو , وتم نەنە بۆ ؟؟ , لە وەڵامدا وتی : ڕسقی منی تێدا نەماوە , کوڕم دەزانی کە سەریی دەبڕم وەك ئەوە وایە چەقۆ لە ملی خۆم بنێم ؟؟؟ , بەڵام ئێوە نەیخۆن جاشە خوێڕیەکان تالانی دەکەن , گۆشت قابیل بە هەڵویە, عافیەتتان بێت کوڕم , نۆشی گیانی بکەن "بۆ سبەی خوێڕییەکان " جاشەکان " گرتیان و کردیان بە دیاری ", مام ئەحمەدیش لە سەر تەپکی هەورازێك ڕاکشابوو , ئاخی ژیان لە هەناویان کڵپی دەدا , بە دیار گەنمەکەیەوە بە کوڵ دەگریا , فرمێسکی خۆی دەخواتەوە و نەرمە گریانەکە دەکات بە هەنسك , هەنسکەکەشی بە قوڕگ قوت دەداتەوە و دەیکرد بە ورە و دەیشاردەوە , لە گەڵ هەنسکی گریاندا بە نەرمی گەمەی بە سەمای ئەو گەنمە دەکرد , کە لە بەردەستی کەروێشکە سەمای دەکرد , هیچ ئومێدێکی پێ نەمابوو , دەتگووت گیسکێکی ماڵییە , لەبەر خۆشەویستی خاوەنەکەی هارو هاجییەکەی قووت داوە, گەنمەکە بە پێچەوانەی خاوەندەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای دەکردو دەچوو بە ئاسمانا

و قەڵەو دەبوو , نایوزانی وێشومەی ئەنفال چەندە ترسناکە, بەڵام خاوەندەکەی چرکە بە چرکە لە لاوازی دەدا , ڕووی کردە ئاسمان و هەناسەیەکی قوڵی بۆ هەڵکێشاو بە نەرمییەکی پڕ لە ئازارەوە گووتی : (دەبێت کێ بتخوات؟؟؟), کەمێك ئاوی خواردەوە , تنۆك تنۆك بە لێویا هاتە خوارەوە, لە لچی سەرەوە نەرم نەرم دەرژایە سەر لچی خوارەوەی, , پاشان گۆچانەکەی تاو دایەوە بەرەو ناو ئاوایی کردەوە , بە دڵساردییەوە ئەو جێگەیەی بەجێهێشت ,لە دڵی خۆیدا بیری لە ژیانی خۆ شاردنەوەو ئاوارەیی و گەڕیدەیی پاش کارەساتەکەو لە دەستدانی ئازیزانی دەکردەوە , گەورەترین کارەساتی ژیان ئەوەیە , لە چرکە ساتێك , جڵەوی ژیان لە دەستی خۆتدا نەمێنێت , دەیزانی پارەش بە کەڵکی ئەم ڕۆژە ڕەشە نایات , بیری لەوە دەکردەوە , چۆن کەڵەکێك بۆ پەڕینەوەی ماڵ و مناڵەکەی لە زێکە دابین بکات , هێشتا هەواڵی بەردانەوەی زێکەی پێنەگەیشتبوو , لێ لە ترسی بەرپرسەکانی پارتی دەسەڵاتداری ناوچەکە بیرۆکەکەی خۆی قوت دەدایەوە, ئیرەیی بە با , بە پاساری , بەهەموو شتێك دەبرد کە ئازاد بوون , وێنەی منداڵەکانی بەردەوام بەربینیان پێی دەگرت .

ڕۆژەکانی پێش ئەنفالی گۆپتەپە (چوار)ەو , پاشماوەی خەڵك و پێشمەرگە رزگاربووەکان ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان , ئەوانەی ڕزگارییان بووە لە مەرگ , وا لە ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکەو ڕۆژهەڵاتی کۆیە , لەم گوند بۆ ئەو گوند دەخولێنەوە , لە ناوەڕاستی مانگی چوارەوە , وورده وورده لە دەڤەری گەرمیان و قەراغەوە پەڕینەوە بۆ ناوچەکە, ئەوەی خۆی دەرچووە و سەری ساغە, کەس و کاری بزرە و ئەنفالکراوە, وەلێ بەلایانەوە ئاسایی بوو هەموو لە چاوەڕوانی بەردانیاندا بوون, لەو ڕۆژگارە ئەوەی بیری لێێناکرایەوە, ئەو کەسانەی کە گرترابوون ئیتر نەیانبینینەوە , هیچ کەس لەو سەروبەندە هەستی بە گەورەیی قەبارەی تاوانەکە ناکرد , نە وشەی ئەنفال بە هەند وەر دەگیرا , نە قەبارەی زیانەکانیش ژمارەیەکیان هەبوو , کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو منداڵە شیرە خۆرەیە لە پێش گەورەکانەوە لە ناو حەوزی تێزابدا بتاوێنرێنەوە , یان ببەخشرێن , پیرەکان سەگ بیان خوات و پاکیزەکانیش لە بازاڕەکانی کۆیلەداریدا بفرۆشرێن , کەس لە ئێمە لەو ڕۆژگارەدا , ئامان زانی و پەیمان پێی نابرد , بارستایی ئەو تاوانەی کە ناوی ئەنفالی لێنرابوو ئەوەندە گەورە بێت , دەنا وێنەیەکمان لێی دەگرت و دەنگێکمان زەبت دەکرد, لەو ڕۆژگارەدا ئەنفال هەمووی چەند هەفتەیەك بوو ئاشنایەتیمان لەگەڵ ناوە کوردەوارییەکەی پەیدا کردبوو, تازە کامل ساجت بە بەری کورددا بڕیبووی .

ئەو پاش نیوەڕۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەناوی (( ماجیدی کەریم خەیات حەساری) )) , کە سەربازی هەڵاتو بوو لە ماڵی خوشکەکەی لە گوندی جەلەمۆرد دەژیا, پێکەوە پیاسەمان دەکرد, یادگاری ڕۆژە خۆشەکانی قوتابخانەو منداڵی و حەسیرەکەو ئیمام قاسممان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە, باسی تەزبێحەکەی واجیدە فەنی و تێکۆشانی باوکە تێکۆشەرە شیوعییە قیادە مەرکەزییەکەیمان دەکرد , پاش عەسرانێکی خۆش , ئاسمان پەڵە هەور بە دەم و چاویەوە دیار نەبوو , خەڵکەکە چاوەڕوانی بانگی ئێوارەیان دەکرد , تاکو لەو ڕەمەزانە ڕۆژووەکە فریایان بکەوێت و لە دەردو مەرگەساتە ڕزگاریان بکات , لە ڕۆژی سەختیدا ئاساییە سرووتی ئاینی زیاتر زاڵ دەبێت بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤەکاندا , لە ناکاو چەند کۆپتەرێك هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە , خولێکیان بەسەر گۆپتەیا داو بەخێرایی گەڕانەوە, ثاش ضەند دةقةيةك نزيك بة كاتذميَر 5,30 ئيَوارة ستونيَك دوكةلَي سثي لة ئاسماني بةري عةسكةرةوة ضوو بة ئاسمانا , طوندي عةسكةر بؤ خؤي ليَمانةوة ديار نةبوو , كةوتبووة ثةناطةوة , دواي زانيمان 9 كةس لة طوندي عةسكةر ببون بة قورباني ,

پاش کەێك , 6 فڕۆکە ( ئەوەی من لە دورەوە بینیم) هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە , دوکەڵی قینی پەنگ خواردویان باراند بە سەریدا , نەڕەی فڕۆکەکان زۆر گەورەتر بوو لە دەنگی بۆمبەکان , دوکەڵێکی سپی ئاسمانی گۆپتەپەی لێڵ کردبوو , پاشان دوکەڵەکە وورده وورده بەرەو ئاسمان هەڵکشا سواری سەری شینایی ئاسمانە سامالەکە بوو , نە بریقەو باقی تەنەکەی ئاوی سەر شانی کیژانی هێشت , نە تیشکی زێڕینی خۆرەتاوی پاش ئێوارانی بەهار ما , گەردەلولی کیمیا بارانەکە لە بەر چاومە ,

له دورەوە چێگاکەی بانگەوازی مەرگی بە کۆمەڵی دەدا ، ئەوەندە چڕ بوو ، لە قورساییدا ئاوس ببوو ، سکی لە زەوی نابوو, بە گرانیی سەردەکەوت بۆ بان و دەچوو بە ئاسماندا, باڵندەکان لە ناو دوکەڵی کیمیاییەکە مەلەیان دەکرد و بەردەبوونەوە ، دوکەڵەکە بە هەر چوارلادا پەلی دەهاویشت و بە دوای مەرگدا دەگەڕا تاکو بە یەکسانی بەسەر خەڵکەکەدا دابەشی بکات ، سەری دەکرد بە هەموو کون و کەلەبەرێکی دەڤەرەکەدا ، هیچ جۆرە زیندەوەرێکی لە مەرگی خۆی ڕزگار ناکرد (( مرۆڤ – ئاژەڵ – ڕووەك – تەنانەت زەوی )) ، بە یەکسانی دوکەڵی مەرگەکەی دابەش دەکرد بەسەر هەمووان‌دا ، نایەویست کەس و هیچ شتێك بێ بەری بکات لە مەرگەساتەکەی ، شێخ و مسکێن ، هەژار و دەوڵەمەندی پێکەوە بەردەدایەوە سەر زەوی ، ناو کێڵگە ، ڕووبارەکە ، وێشومەی مەرگەکە بە ناو کۆڵانەکان گۆپتەیەدا غلۆر بوەوە بۆ دەم زێیەکە ، تەنەکەی ئاوو کچۆڵەی تازە هەڵچوو ، دایك و منداڵ ، کە مەمکی دایکی بە دەمییەوە بوو پێکەوە دەیانی دا بە زەویدا, پشیلەو سەگ و کەر و کۆتر و مەڕ بزن...... هتد ، هیچیانی بێ بەری نەکرد لە کارەساتەکان خۆی ، هەموویانی لەگەڵ زەویدا چووتکرد .

خەڵکێکی زۆر لەسەر کێڵگەو مەزراکانیان بە دەور یەکدا مردن ، لە کاتێکدا هەندێکیان خەریکی کشت و کاڵی بوون ، هەندێك کەسی دیکە کەوتنە زێیەکەوە ، زێیەکە زیادیکردبوو ، چ ئاوەکە لە دوکانەوە بە نەخشە بەردرابوەوە ، ڕژێم هەردەم لەکاتی هێرشەکانی بۆسەر ناوچەکە ، پێشتر ئاوەکەی بەردەدایەوە ، تاکو پێشمەرگەو خەڵکی دەڤەرەکە نەتوانن ئەمبەر و ئەوبەر بکەن بە کەڵەکە دارینەکان ، دواتر چەندین لاشە لە ڕووبارەکە دۆزرانەوە ,(( هەندێکیان دەم و چاویان ڕەش هەڵگەڕابوو بە دووکەڵ داپۆشرابوو ، ئەوانی تر ئاسایی بوون بەڵام ڕەق بووبوون ، من دایکێکم بینی مەمکی لە دەمی کۆرپەکەیدا بوو و لەو دۆخەدا ڕەق بووبوو – جینۆساید لە عێراقدا ، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ، وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە ، سلێمانی ل313 ساڵی 1999)) . لیستێکی " 109 قوربانی کیمیاوی ، 264 ئەنفالکراو" ناوی وەك قوربانیانی گوندی گۆپتەپە پێشکەشکرا .

یەکەمجار لەبەردەم گەورەیی تاوانەکە لەرزیم ، بەڵام هیچم پێ ناکرا ، ئەو خەڵکەی هەمان بەیانی نمەکیانم کردبوو ، ئێستا وا لە دورەوە شایی مەرگیان بە کۆمەڵ بە چاوەکانی خۆم دەبینم ، کتێبەکان کۆڵم هیچ چارەسەرێکیان پێ نەبوو بۆ ئەو مەرگەساتە گەورەیە ، ڕستە شۆڕشگێڕانەکان لە ناو پەرتووکەکان لە ترس کیمیا بارانەکە جوڵەیان ناکرد, مرۆڤایەتی و نێونەتەوەیی لەو چرکە ساتەدا هەمووی بە فلسێك .

شەو لەم ئێزگەوە بۆ ئەوی دیکە, لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ، بەدوای هەواڵی مەرگی ئەو زاروك و ژن و خەڵکەیا گەڕام کە بە چاوی خۆم بینیم ، هیچ ڕادوێیەك باسی ئەم هەواڵەیان نەکرد ، دەتگووت لە ئەستێرەیەکی دیکە ئەم مەرگەساتە ڕوی داوە, هەموو باسیان لە پێك لێدانی بەرپرسانی چەپ و ڕاست ، شەڕە بەردی غەزەو پاریس ، دادگاییکردنی پۆلپۆت ، گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی ، ڕیشی خومەینی و ئوسامەیان دەکرد .

هێواش هێواش دوکەڵەکە بەرز بوەوە بۆ ئاسمان ,ئەوجا کەوتە کوشتنی تیشکی خۆرەتاوی بان گوندەکە, شینایی ئاسمان ، جریوەی باڵندە, هەموو سەرتاپا پێکەوە مەرگ بردیانییەوە, کاتێك تیشکی خۆرەتاوەکە خۆی دەدا بەبان پشت دوکەڵی کیمیاوییەکە دەگەشایەوە ، کیمیاکە ئاوس بوو بەو هەموو ڕوحەی هەڵییانی کێشابوو ، ڕوحی مرۆڤە باش و خراپەکان پێکەوە ، بە بان پشتی ژەهرەکەیا دەچوون بۆ جیهانێکی دیکە ، ڕوحیانەتی هەژار و دەوڵەمەندەکان پێکەوە دەفڕین ، ئەوانەی لە هەموو ژیانیاندا کێشەیان لەگەڵ یەکدا هەبوو ، شێخ و مسکێن ، ئاغاو جوتیار ئەو ڕۆژە تەنها ئەو چرکە ساتە یەکسان بوون, گۆپتەپەش بە دیار ئەو کارەساتە گەورەیەوە ، هاتبووە گریان و بەچۆکدا هاتبوو ، تنۆك تنۆك خوێنی لێ دەتکایەوە .

ئەم تاوانە لە گوندێکی وەك گۆپتەپە ، زیاتر لە 300 هاوڵاتی شەهید و برینداری لێکەوتەوە ، ڕۆژی دواتر بریندارەکانیش حەزیای ئەنفال بەرەو مەرگیانی هەڵکێشا ، بە دەم ترس و برینداری ڕۆژی پێشترەوە هێرشکرایە سەریان ، بەهۆی بریندارییانەوە نەیان توانی خۆیان ڕزگار بکەن ، ئاخر

چۆن بتوانن ,  زیندووەکان هەموو گرتران نەك بریندارەکان , بە تولە ڕێی بناری زێکەیا ویستیان خۆ ڕزگار بکەن , بەڵام بە کۆمەڵ گرتران  " بۆ ڕۆژی 4–5–1988 هێرشی زەمینی دەستی پێکرد , گوندی گۆپتەپەی ڕوخاند و لاشەی کوژراوانی بۆردومانی ڕۆژی پێشتریشی بە شۆفەڵ خستە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە , لە ترسی ئەوەی نەوەك زیان بە تەندروستی پیاوانی ڕژێم بگەیەنێ "(( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان– ل119)) .

بۆ سبەی ڕۆژ زوو لە خەو هەڵستاین , هێشتا تاریکایی بۆلێڵی بەیان  باڵی بەسەر گوندی جەلەمۆردا کێشابوو , خۆمان بۆ چارەنووسێکی نادیار ئامادە کرد , بابۆڵەیەك گەورەم پێچایەوەو دانەیەکیشم کردە گیرفانم , چنگێك خوێشم لە لایلۆنێك ئاڵاند کردەمە تورگەکەی کۆڵمەوە, کە بە پەڕۆ لە جیاتی کۆڵە پشتی دروستم کردبوو بۆ کتێب و دەفتەرەکانم ,  چومە دیار ماجیدی هاوڕێم کە شەو پێکەوە خەوتبووین , نەرمە ماچێکی ناوچەوانیم کردو بۆ دواجار بەجێم هێشت , لەو کاتەدا  وام دەزانی چارەنووسی من لە  مەترسیدایە , کەچی ئەوی بێ تاوان بووە قۆچی قوربانی , خۆشەویستیم بۆ ئەو تاکو ئێستاش لەو چرکە ساتەی ئەو دەمەدا  دەژێت .

لةو بؤ ليَلَي بةيانيانة سةربةستة دريَذ دواي خؤي طةياندة هاندةران لةناو جةلةمؤرد  هاواري دةكرد " شيوعييةكان ترسنؤكن  هيض  نية هيَرش نيية , دواتر بؤ هةتا هةتاية لةو ضركة ساتةوة ئيتر ببرِاي ببرِ نةبينرايةوة " ئةمةش  ثاش ئةوةي مامؤستا عةلي زةنطةنةو ئةوان ويستيان بثةرِيَنةوة بؤ دةشتي هةوليَر ريَطا طيرابوو طةرِانةوة بؤ لامان.

 ئێمە قارەمانانی پێشتر,  هەموو تێمان قوچان, ئەوانەی  دەسەڵاتدار و فیرعەونی دەڤەرەکە بوون, بە ئەندازەی ئێمەش بەرگەیان نەگرت, لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم پرشنگی بەیانی لە گوندەوە  بە دوای یەکدا دەرچووین ,  ئاسۆ هێشتا سوور بوو , پاشان هەتاو لە بان گۆپتەپەوە دەرکەوت , بە دوای ئێمەشدا خەڵکەکەش مقۆ مقۆیان تێکەوت ,  لە بەر چاومە پیریژنێێکی 80 ساڵانە  , سیمای غەمگینی بە دەموچاوییەوە دەبینرا و هاواری دەکرد : حەرەس قەومی دێت خۆتان ڕزگار بکەن , غەدارن  . سەر دەبڕن , زمان لە بن دەردێنن ,  دامانی کراسەکەی  لەبەر پێی دەخشا , مەنجەڵە کولێك بە دەستێکییەوە و کترییەك چای بە دەستەکەی دیکەیەوە  بوو , دەیەویست لە تاڵانی جاشەکان ڕزگارییان بکات , دەیانی دیکە بەهەمان شێوە بەو سەحەرە دەبینران , جوڵەی ئەو پیر و منداڵانە کە  لە چاو تەمەنیانا زۆر چوست و چالاك بوون ,  هەموو ماڵەکانیان بەجێهێشت , جگە لە جاشەکان دزی دیکە نەمابوو ,  منداڵ بە دەم کروزەی گریانەوە بە دەست دایکیەوە هاواری دەکرد , فریای هەنگاوەکانی دایك و باوکیان ناکەوتن, چاوی هێشتا بە  خەوی خۆشی بەیانیانی بەهارەوە بوو , بە پێی پەتی بەدەم گریانەوە  و بە توندی بە دوای دایك و باوکیانا  ڕادەکێشران , خۆیان گران کردبوو نایان ویست گوندەکەیان بەجێ بهێڵن , ژنانی چارشێوە لەسەری کۆڵ لە پشت و چارۆگە لە ملی پڕ لە خۆراك , منداڵانی نیمچەش بە نەرمە غار بە دوای دایك و باوکیانەوە ڕێیان  دەکرد , هەندێکیان تورەگە پڕ لە خۆراك و مەتارە ئاو بە دەستیانەوە بوو, پیاوەکانیش هەریەکەیان کۆڵێك لە کۆڵیان  و یەکی دیکە  لە بن هەنگڵیان , دەمووچاویان بۆ چارەنووسێکی نادیار لە ترسی هەژاری و مەرگ غەزەبی لێ دەباری , پێکەوە هەنگاویان دەنا تاکو خۆیان بشارنەوەو  حەشار بدەن , وەلێ  نەیانزانی جاشەکان , پێشمەرگەی ڕوخاو کە هەمان بەیانی نمەکیانیان کردبوو , شارەزایی کون و کەلەبەری دەڤەرەکە بون, بن  بەرد  بە بنە بەردی ناوچەکە بەڵەد  بوون , هەموویان دەدۆزنەوە , دەیانکەن بە دیاری بۆ مەرگ , چاوم گێڕدا مام ئەحمەدم نەبینیوەوە ,  لاوێك  لەسەر ڕێگاکە ڕاکشا بوو چاوەڕوانی هاتنی یارەکەی دەکرد , تاکو بۆ دواجار تێی بڕوانێت ,  کەمێك لە ئاوی مەتارەکەی نۆش بکرد , بە حەپەساوییەوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد, بەڵێ ئەو خەڵکە بێ تاوانە , جاشەکان هەمویانیان لەو کون و کەلەبەرانەی قەڵاسێوکا , لەناو هەردەو چیاکان , کەندڕ و تاوێرەکان , کونە شاخ و ئەشکەوت و دۆڵەکانا دۆزییەوە و  بە کۆمەڵ  ئەنفالیانیان کردن, بابە ڕوتەی جەلەمۆرد بووە دوا وێستگەی ژیانی ئەوان, لەپاڵ هەزاران  مرۆڤی دیکە بە کۆمەڵ بوونە خۆراکی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ناوی ئەنفالی چواری لێنرا , جەلەمۆرد بە 480

ئەنفالكراوەوە بووە سەرقافڵەی گوندە ئەنفالكراوەكانی كوردستان, ئێمە دوا شاهیدی زیندو بوین ئەو ڕۆژە لە گەڵیان , ئەوەشی هەیان بوو هەموو تالآنكرا " لە گەرمەی ئەم كارەدا واتە لێسەندنی پارە و زێڕ و شتی بە نرخ لە گوندی جەلەمۆرد جاشێك نارەزایی دەربڕیوە ئەفسەرێكی سوپاش بە تورەیی گوتبووی : ئەو خەڵكانە بۆ كوشتن دەبرێن ناتوانن پارە و ئاڵتونەكانیان لەگەڵ خۆیان ببەن , چونكە یاسای دەوڵەت دەڵێت دەبێ ئەمانە لەناو ببرێن )) , سەرەڕای ئەمەش جاشەكە چەك كرا (( ئەنفال – كارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەكانی , یوسف دزەیی , چاپی یەكەم 2001 , چاپخانەی موكریان – ل 123 )) .

هەموو ئەوانەی پێشتر ڕێگای دەرچوون و خۆرزگاربوونیان لە خەڵكەكە گرت, وەك هەڵم چوون بە ئاسمانا لەو ڕۆژگارە دژوارە كەس نەیانی بینییەوە , تەنانەت چەندێكیان بوونە چاوساغی ڕاوكردنی خەڵكەكە, ئەوانی دیش بەشێكیان لە سنورەكانیش خۆیان نەگرتەوە , كە ئەنفال دەستی پێكرد, هاوڕێ قاسم نۆكانی هاتە تەنیشمەوە وتی " چیمان بەسەر دێت .... وتم كارەساتە یان دەفرین و دەبین بە دەوڵەت یان دەترین بە هۆی هێنانی سوپای ئێرانەوە....." .

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چواردا , ئەم هێزانە سەرباری چەندین مەفرەزە خاسەی جاش پشكدار بوون : فەرماندەیی هێزەكانی نەسر بە سەرۆكایەتی عەمید ڕوكن خالید ئەحمەد ئیبراهیم , هێزەكانی 46 بەسەرۆكایەتی عەمید عەلی ئەحمەد محەمەد . فەرماندەیی جەحافلی دیفاعی وەتەنی 1. فەرماندەیی هێزەكانی پارێزگاریی نەوت بە سەرۆكایەتی عەمید بارق , تیپی 38 , تیپی پیادەی ئالی 5 , تیپی پیادەی 8 , تیپی پیادەی 2 , . ئامریەی مەواقعی فەیلەقی 1 بە سەرۆكایەتی عەمید ڕوكن عەلا محەمەد تەها . لیوای پیادەی 444. لیوای پیادەی 110. لیوای پیادەی ئالی 46. لیوای مەغاویری 1 ی فەیلەقی 1. فیرقەی مەغاویری 10. لیوای قوات خاسەی ژمارە 65 و 66 و 68. لیوای زرێپۆشی 46. فەوجی مەغاویری فیرقەی 28. 27 فەوجی جاش و مەفرەزەی تەواری سلێمانی و كەركوك , هێزی ئاسمانی و كەرتی كیمیاوی و یەكەكانی هەواڵگری و ژمارەیەك هێزی جۆراو جۆری تر.

ئەو سوبحە تەپ و تۆزی ئۆتۆمۆبێلی جاشەكان لە دورەوە دەبینرا , چەندین كم وەك مار پێچی دەدایەوە و خولی دەخواردەوە , لەهەرچوارلاوە دەهاتن , سەروبنیان دیارنەبوو , لە دورەوە هەڕەشەیان لە جەماوەری ناوچەكە دەكرد , كاروانەكانی مەرگ , كە جاشەكان لەناو بەرازیلی و شۆفرلێتە سورەكانییانەوە لە پێشەوەی بوون, لە كێبڕكێی هێرشدا بوون بۆ كاولكردن و سوتاندنی كوندەكان و گرتنی خەڵكەكەی و تالآنكردنی سەروەت و سامانەكەیان .

ئەو ڕۆژە , لە هەرچوار لاوە هێرش دەستپێكرا , ئەوەی لە یادمە , لە چەمچەماڵەوە بە سێ قۆڵ بۆ ( كانی عارەبان – شێخ پاڵەوان – پاڵكە ڕەش ), لە تەقتەقەوە سێ قۆڵ ( قەرەناو – مخەڕەس , جگیلە ) , كۆیە بۆ ( شەوگێڕ – بناری حاجی قەلآ , تیمارۆك , بەری ڕۆژئاوا ) , شوان ( جولحان , عەلی بەیان – بان كەل ) , قەرەهەنجیر بۆ سەرخاسە , لە گۆپاڵەوە بۆ گەورەدێ , لە سوسێوە بۆ ( عەوالآن – چەمی سورقاوشان ) , لە دوكانەوە بۆ كلێسە , لە پردێوە بۆ ( چیا چەرمی – گەلۆزی – تولكی , دەشتی هەولێر ) , لە قوشتەپەوە بۆ ( كەلی قەشقە _ دەشتی هەولێر ) , لە هەولێرەوە بۆ ڕۆژئاوای كۆیە , ...... , لە شیوەسورەوە بۆ ( توركمان باخ – ناڕوجە ) .

بە بەرچاومانەوە گوندەكان دەسوتاو گڕی تێ بەردەدرا , دوكەڵ و گەردەلولی شۆفەڵەكان ئاسمانی ئەو ناوچەیەی داگرتبوو , كام شوێنی چەپەكە جاشەكان بۆنیان بە مرۆڤەكان ناوییەوە دەكرد و دەریان دەهێنان و دەیاندۆزینەوە , لەو ناوچە پان و بەرینە, پنتێك نەمابوو بۆ خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوەی خەڵكەكە, هەر چركەی هەواڵی گرتنی هاوولآتیانی بە كۆمەڵی گوندێك , خیانەتی سومبلێكی قارەمانییەتی , نامەردی گروپێكی چەكدار ... مان دەبیست .

ئێمە خۆمان گەیاندە سەر خاڵخالآن بە دوو گولە ئارپێجییەوە , کۆپتەریش لە دورمانەوە دەسوڕایەوە , هیوا رەشیش مەفرەزەیەکی برد, لێ پەلاماری 21 بەرەیی لە ئاستی ئێمەدا نەبوو, ئەوانی دی هەموو ورەیان توانبوەوە, ئەو خەڵکەی رێگری رزگاربونیان لێکرابوو نەیان توانی بۆ چرکە ساتێکیش داکۆکیان لێبکەن.

ئەو ئۆپەراسیۆنە وەك قەلە ڕەشی شووم , لە دوای ئەنفال دنیایەکی تازە بوو , نەك ژیان بگرە کازیوەو نەسیمی بەیانیشی نە هێشت , بێ خشپە ڕێمان دەکرد , کەس نەمابوو جگە لە ڕێبواران و پێشمەرگەی تاك و تەرا , لە ناو پاشماوەی گوندی ڕوخاوو , دیواری ڕماو , باخچەی وشکەوە بوو , کێڵگەی تەرك کراو ڕێمان دەکرد , کوردستان ببوە گوندی کاول , دارستانی ڕەشی قەرەبلووت , کوچەی گێراو و داری سوتاو چیای چۆڵ و کێڵگەی فەرامۆشکراو , هیچ نەمابوو , تەنها باوەڕ بە ژیان ,

بەناوترس و گوماندا ڕێمان دەکرد , ترس و گومان لە هەموو شتێك , لە جاش , لە قارەمانە ڕوخاوەکان کە ناوچەکە وەك ناولەپی خۆیان شارەزا بوون , قەت نابوایا دووجار بە یەك تولە ڕێدا بڕویشتینایا , لە هەموو ئەوانەی لە شێوەدا مرۆڤ بوون , لەو ڕۆژگارە لەجیاتی ڕێوی هەردەم کەروێشك بەرەو پیریمان دەهاتن .

ئەنفالی چوار پاش سەرکەوتنەکانی عێراق هات لە بەرەکانی شەڕی ئێران – عێراق , بۆیە عێراقی مکوڕتر کرد لەسەر درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال .

هیچ بەرگرییەك لەو دەڤەرە نەکرا , کە ساڵی پێشتر وەك لە بەڵگەنامەیەکدا دەیبینن , حکومەت ناوچەکەی چۆڵکردبوو " تەنها ڕەتڵی سوسێ لە چەمی ڕێزان بەرهەڵستی سوپا دەکرا , وەك لە گوندەکانی سوورقاوشان و عەودالآن و کەلەبەش کە پاشتر وێران کران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان – ل 120)) .

دوو ڕۆژی دواتر واتا لە 6–5–1988 لە دەڤەری سەر خاسە (( چەمی گوندی ئاوباریك )) , کۆمەڵێك چەکدار ( ژمارەیان نزیك 70 چەکدار بوو ) خەڵکی گوندی گوڵمکەوەو دەوروبەری بوون , پاش پەیوەندیکردنیان بە هەواڵگیری چەمچەماڵەوە بە سەرپەرشتی ( مەجید – عە) , ویستیان بمان کەن بە بەردە بازی لێخۆشبوونیان لە لای ڕژێم, بە تایبەتیش ئەوان عەودالی کەولی هاوڕێ عەمار عارەب بوون, وەك ملازم سەعد دەیان ویست بیبەنەوە, لێ بە هوشیارییەوە نەخشەکەیانمان پوچەڵ کردەوەو خۆمان لە گەمارۆکەیان ڕزگار کرد , لە سەرەتادا کاك م س هەواڵی نیاز خراپی ئەوانی پێمان ڕاگەیاند , دواجار هاوڕێ ج بە ژیری و زیرەکییەوە لە خشتەیانی برد, پەیمانی هاوکاری پێیان دا , وەلێ هەر کە گەڕایەوە لامان نەخشەکەیانی بۆمان ئاشکراکرد و وتی ئاگادار بن, پاش ڕاکردنێکی تۆ کاتژمێری, بە کۆڵێکی پڕ لە پەرتووك و خۆراك و فیشەك و کەل و پەلی خەوتنەوە خۆمان گەیاندە هەڵەتەکانی ماسقەلآن , ئەوەی شایانی باسە ڕۆژی پێشتر لە کونە کەمتیارێك نزیك هێزەکانی رژێم ئێختیفامان کردبوو, ژمارەمان 11 کەس بوو بە فەرماندەی هیوا رەش, بەیانی کە هەستاین ژێرمان ئاو بوو, بزن مژەکێکیش زمانی نابوو بە لوتی منەوە, قوات خاسەش لەسەر هەمان تەپۆلکە بوون ئێمە لە قەدی خۆمان حەشار دابوو, ئەوەندەی لە بزن مژەکەکە دەترسام , ئاگام لە حکومەت بڕا بوو, لەبەر پێکەنین, خەریك بوو خۆمان ئاشکرا بکەین.

ئەو چەکدارانە کە نەیانتوانی ئێمە بە دیاری ببەنەوە بۆ ڕژێم , کە ڕۆیشتنەوە ڕژێم لێیان خۆش نەبوو , بەداخەوە لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا هەموویان شوێن بزر کران .

لە 8 مایسدا ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی 4 کۆتایی پێ هات – جینۆسايد لە عێراقدا , پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , سلێمانی ل313 ساڵی 1999– ل317 )) .

کۆی گشتی 237 گوند لەو ناوچەیە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار خاپوور کران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان – ل 126)) .

تەنها لە ناوچەی (خالۆ خالان) لانی کەم کۆی *4167 کەس لە خەڵکی ناوچەکە گرتران , جگە لە هەڵاتوانی شەڕی خەڵکی شارەکان و ئەو پیرانەی دواتر بەردران (جگە لە ناوچەی کۆیەو دەشتی هەولێر ) , هەروەها 1680 کەس لە گوندەکانی ( کلێسە , بۆگد , کانی بی , قزلو , کانی هەنجیر و گۆمەشین ) ئەنفالکران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان–ل 120 )), وە 1629 کەسیش لە گوندەکانی بناری خاڵخالان " بابە روتە ژمارە 1" .

" بە پێی خەمڵاندن 2500 کەس لە ناوچەی کۆیە ئەنفالکران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان– ل 126 )) , کۆی گشتی لە ئەنفالی 4 نزیك بە 28550 کەس ئەنفال کران ( نص اللائحة الایظاحیة المقدمة من قبل هیئة الدفاع ...... ) .

ئەو کردارە سەربازییە بەشێکی لە ژێر فەرماندەیی نزار خەزرەجی بەڕێوە بردرا , ئەوەندە دڵسۆزانە کارەکانی ئەنجام دەدا لە گوندی گۆپتەپە بە شایەدی کاك مودیر عەلی بە پۆستاڵەکانی سەری منداڵێکی 1 ساڵەی پان کردەوە .


لەو ئۆپەراسیۆنە هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی , کەچی ئەنجامدەران و بکەرانی بە مایەی خۆیانەوە لێی دەرچوون , نە پۆستاڵ لە پێیەکی وەك نەزار خەزرەجی دادگاییکرا , نا جاشە سەرنشینەکانی بەرازیلی و شۆفرلێتە سورەکان لە گوڵ خراپتریان پێ وترا , دەیان سکاڵایان لەسەر تۆمارکراو بانگ نەکران بۆ دادگا , نە ئەو پێشمەرگانەی سەدان خێزانی بە قۆناغە نێزە بۆ ئەنفالکردن گەڕاندەوە بۆ گوندەکەیان کە دوایی ئەنفالکران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا , نە ئەوانەشی کەڵەکەکانیان بە ئاوادا تاکو جەماوەر ڕزگاری نەبێت قسەیەکیان لە گەڵدا کرا .

ئەفالی چوار دووەم زیانی مرۆیی ئەنفالەکانی لێکەوتەوە, دوای ئەنفالی سێ , بەم شێوەیە خەڵکی ناوچەی ئەنفالی 3 و 4 بوونە قوربانی جوگرافیا , چونکە داگیرکەران ئەوەندەی دوژمنی جوگرافیان ئەوەندە لە مرۆڤەکەی سەری نا .

ئەنفالی 4 لە بەڵگە نامەکانی بەعسەوە .

005590

# سلسلة القيادة لحملة الأنفال للفترة شباط- أيلول 1988



004987

79-29

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية امن اربيل

سري وشخصي

العدد / ش٤ / ٦٧٧٤
التاريخ ١٤ / ٥ / ١٩٨٨

الى / السيد معاون مدير الامن العام لمنطقة الحكم الذاتي المحترم

٣- تفتيش كويسنجق

اعلمنا ضابط امن كويسنجق ببرقيته ٧٠٢١ في ١٩٨٨/٥/١٤

١- تم تفتيش قصبة كويسنجق بحثاً عن الهاربين والمتخلفين من القصبة حيث شكلت لجان لهذا الغرض باشراف قائد القوة العسكرية وكذلك بحثاً عن المخربين والهاربين والمتخلفين القادمين من مناطق عمليات الانفال الرابعة.

٢- تم القبض على مجموعة من اهالي القصبة وأودعوا الحجز.

٣- اجتمع قائد القوة مع بعض المستشارين وطلب منهم تسليم الهاربين والمتخلفين والذين سلموا اليهم من منطقة عمليات الانفال فقام المستشارين كل من ميرزا اسماعيل شريف ومام جلال وقاسم نادر آغا بتسليم الذين لجأوا اليهم الى القوة العسكرية وتم حجزهم مع المحجوزين في داخل القصبة.

يتبع لطفاً ..

IST.A0934.070.002

004989

05-1-07-CD0279-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
العدد : م٥ / ش٣ / ق٢ /
التاريخ : ١٨ ايار / ١٩٨٨

(سيبقى الشهداء اكرم منا جميعاً)

يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

سري وشخصي
( مستعجل )

الى / رئاسة اركان الجيش

الموضوع / نتائج عمليات الانفال

كتابنا السري والشخصي ٩٢٨٢ في ٨ آيار ٨٨ بصدد عملية الانفال/٤ ٠٠٠ فيما يلي نتائج عمليات الانفال التي بدءت في ٢٦ شباط ٨٨ ولغاية ١٠ آيار ٨٨ :-

١ . خسائر زمر التخريب

آ . تركز ثقل الخسائر على زمرة عملاء ايران ( دون زمر التخريب الاخرى ) حيث ان العمليات نفذت ضمن حدود محافظة السليمانيه التي يتركز نشاط العملاء فيها وان مجموع خسائرهم تقدر بـ ( ١٢٠٠ ) اصابه بين قتيل وجريح ( بضمنها خسائرهم نتيجة الضربات الخاصه ) مضافاً اليها ( ١١٥٠ ) مخرب ما بين عائدين للصف الوطني وملقى القبض عليهم ومستسلمين للقطعات وبذلك فانهم خسروا بحدود ( ٢٣٥٠ ) مخرب وهذا هو الحد الادنى من مجموع قوتهم التخريبيه التي تقدر بـ ( ٥٠٠٠ ) مخرب ومن خلال خسائرهم اعلاه يبدو واضحاً حجم تأثير العمليات على زمرة عملاء ايران .

ب . كانت خسائر زمر التخريب الاخرى ( زمرة البارزاني ، الشيوعيين ، زمرة الحزب الاشتراكي الكردستاني ) محدودة جداً لقلة مخربي تلك الزمر في قواطع عمليات الانفال وعدم جديتهم في مواجهة قطعاتنا .


سري وشخصي

FOR OFFICIAL USE

32

IST.A8072.015.002

بسم الله الرحمن الرحيم

سري وشخصي

جـ. فقدت زمر التخريب ( وخاصة عملاء ايران ) كميات كبيره من ( الاسلحه الخفيفه والمتوسطه ، المتفجرات ، المواد الغذائيه ، المواد الطبيه ، التجهيزات ، الوقود والعجلات ) فضلا" عن تدمير جميع مقراتها ومعظم قواعدها في قواطع عمليات الانفال .

د . تمكنت القطعات من قتل عدد مما يسمى بـ ( التوابين ) وهم من ( غير العراقيين المسفرين ، الهاربين الى جانب العدو والاسرى الذين جندهم العدو ) الذين تطوعوا في الفرقه/٩ بدر وارسلوا الى عمق اراضينا وتواجدوا مع زمر التخريب في قواطع عمليات الانفال كما تمكنت القطعات من القاء القبض على (١١) عنصر من هؤلاء ( أحدهم ضابط برتبة ملازم كان قد أسر في احدى معارك منطقة زرباطيه في عام ١٩٨٣ ) .

٢ . اهم المقرات والقواعد الحاليه لزمر التخريب

آ . المقرات الرئيسيه لعملاء ايران موزعة بين منطقة دوله كوك ( شمال قلعة دزه ) ومنطقة شلير ( شمال بنجوين ) ويتوزع قياديهم على المقرات اعلاه ويتواجد البعض منهم في مدن ( سقز ، بانه و سردشت ) الايرانيه وتتوزع قوتهم التخريبيه في المناطق التاليه :ـ

اولا . يتركز ثقلهم الأساسي في مناطق ( السماقوليات ، باليسان وامتدادها القرى الكائنة في منطقة الحدود الفاصله بين فق مش ٢٤ و فق مش ٢٣ ) .



سري وشخصي

FOR OFFICIAL USE

IST.A8072.015.004

0031-03-C7.038-0310

بسم الله الرحمن الرحيم

سرى وشخصي

ثانيا . لديهم مغارز لازالت تتواجد في منطقة قره داغ مستفيدين من العوارض الحاكمه والكهوف المتواجده فيها ومغارز اخرى في مناطق وادى شلفه ( شمال نهر الزاب الاسفل ) وفي منطقة سهل اربيل فضلا" عن المغارز المتواجده مع قطعات العدو الايراني في المجمعات السكنيه القريبة من حلبجه .

ب. المقرات الرئيسيه لزمرة البارزاني موزعة بين مناطق راجان ، زيو ، سيلوانه الايرانيه ( الكائنه في منطقة المثلث العراقي ـ الايراني ـ التركي ) وتتوزع قوتهم التخريبيه في المناطق التاليه :ـ

اولا . قاطع دهوك وامتداده منطقة بارزان والمنطقة الكائنة شرق شيروان مازن وفي هذا القاطع يتواجد ثقلهم الأساسي من خلال فرعهم الاول الذى لم يتأثر بعمليات الانفال لحد الآن .

ثانيا . في منطقة باليسان وامتدادها قرى منطقة الحدود الفاصله بين فق مش ٢٤ وفق مش ٢٣ مع مخربي زمرة عملاء ايران .

جـ. من خلال ماورد اعلاه فأن الثقل الأساسي لزمر التخريب حاليا" موزع في منطقتين الاولى ( منطقة السماقوليات وباليسان وقرى منطقة الحدود الفاصله بين فق ٢٤ وفق ٢٣ ) والثانيه ( قاطع دهوك وامتداده منطقة بارزان والمنطقة الكائنه شرق شيروان مازن ) .



سرى وشخصي

004992

IST.A8072.015.005

0031-03-CD0039-632/0

٧١

بسم الله الرحمن الرحيم

سري وشخصي

٠٣ طرق تسلل زمر التخريب الى اراضينا

تتحدد حاليا " طرق تسلل زمر التخريب من الاراضي الايرانيه الى اراضينا وبالعكس من خلال المسلكين الرئيسيين ادناه :ـ

آ٠ منطقة الحدود الفاصله بين فق مش ٢٤ وفق مش ٢٣ الى منطقة باليسان ومنها الى العمق ٠

ب٠ منطقة الشريط الحدودي العراقي ـ التركي الكائنة شمال سيد كان ومنها الى الاراضي التركيه الكائنة شمال شيروان مازن ثم الى منطقة بارزان وقاطع دهوك ٠

٠٤ غالبا " ما يؤدي الضغط على زمر التخريب الى تقارب بين قيادات تلك الزمر وبعد عمليات الانفال وفي نهاية شهر نيسان ٨٨ التقى ممثلون عن زمر التخريب كل من ( زمرة عملاء ايران ، زمرة البارزاني ، زمرة الحزب الاشتراكي الكردستاني ، زمرة حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني و زمرة الحزب الاشتراكي الكردي ) وحضر اللقاء ممثل عن الشيوعيين واتفقوا على العمل ببنود مايسمى بـ ( الجبهه الكردستانيه ) التي كانوا قد اعلنوا عن تشكيلها في تموز ١٩٨٧ وتدارسوا في لقاءهم موضوع توحيد مكاتبهم ( العسكريه والاعلاميه والماليه ) لمواجهة الموقف في الظروف الحاليه واحتمالات المرحله المقبله وطرحت في اللقاء آراء تقضي بعدم



سري وشخصي

004993

IST.A8072.015.006

CG31-03-C20039-63240

بسم الله الرحمن الرحيم

سري وشخصي

جدوى مواجهة قطعاتنا والانسحاب أمامها في مثل هذه العمليات وممارسة النشاط التخريبي على شكل مفارز صغيرة ٠

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير ٠

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

نسخة الى

رئاسة الجمهورية ــ السكرتير :
ديوان وزارة الدفاع :
قيادة مكتب تنظيم الشمال :
امانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة : يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير ٠
دائرة العمليات :
قيادة الفيلق الاول :
قيادة الفيلق الخامس :

( ٥ ـ ٥ )
سري وشخصي

004998

P31-03-CF0039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
(مكتب المدير)

العدد : ١٠٤٩٧
التاريخ : ٢٨ / ايار / ١٩٨٨

سري للغاية وشخصي

سيدي نائب القائد العام للقوات المسلحة - وزير الدفاع المحترم

الموضوع / معلومات

تحية وتقدير سيدي :

١. توفرت لدينا المعلومات التالية والتي وردت من قبل العميد الركن بارق عبد الله - قائد قوات حماية النفط .

أ. بتاريخ ١٢ مايس ٨٨ القي ثلاثة مخربين من الطائرة وعلى ارتفاع عالٍ على مقر آمرية قاطع كويسنجق وامام معظم مقاتلي أفواج الدفاع الوطني .

ب. بتاريخ ١١ مايس ٨٨ ربط رجل وامرأة بحبل ووضعهم في صندوق العجلة .. وقام جنود الحماية بضربهم امام الأهالي .

جـ. قيام قوة بآمرته بتفتيش دور مستشاري افواج الدفاع الوطني المدرجة اسمائهم ادناه والاستيلاء على مبالغ من المال وحلي ذهبية :

أولاً : المقاتل قاسم فارس - مستشار فوج ٨٥ دفاع وطني .

ثانياً : المقاتل ميرزا اسماعيل - مستشار فوج ٢٠٧ دفاع وطني .

ثالثاً : المقاتل مام يحيى - مستشار فوج ٨٦ دفاع وطني .

٢. مما تقدم .. نقترح الموافقة على تشكيل مجلس تحقيقي بحق الضابط المذكور .. في مديريتنا للأسباب المشار اليها بالمادة (١) أعلاه .

يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب .. مع فائق التقدير والاحترام سيدي .

٢٨ / ايار

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

FOR OFFICIAL USE ONLY



سري للغاية وشخصي

IST A8072 016 004

21-03-C40039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الخامسة – ش ٣

السيد / المعاون

الموضوع / تقصي حقائق

نسب السيد المدير العام قيامنا بتقصي الحقائق عن ممارسات مقر قيادة قوات حماية النفط في عملية أنفال/٤ ضمن قاطع مسؤوليتها في منطقة كويسنجق ... شكلت لجنة تضم ممثلين عن شعبتنا، م.أ.س.م الشمالية، م.أ.س.م الشرقية وأوعزنا اللجنة التي قامت بتقصي الحقائق ميدانياً وبشكل هادئ وفيما يلي خلاصة ما توصلت إليه.

١. بتاريخ ١٣ آيار ٨٨ قام مقر ق ق ح ن وبتوجيه من القائد بأركاب (٣) مخربين بطائرة سمتية (بعد أن تم شد وثاقهم) وحلقت الطائرة فوق مقر آمرية قاطع كويسنجق وتم إلقاء المخربين من الجو وفارقوا الحياة ... المخربين المذكورين تم إلقاء القبض عليهم بمصادمة أثناء تنفيذ عملية أنفال/٤ ... لم تشاهد الحادثة من قبل أهالي كويسنجق لبعد منطقة الحادثة عن القصبة الا أنها شوهدت من قبل معظم مراتب آمرية قاطع كويسنجق وتسربت الى الاهالي ... لم تتوفر معلومات عن دوافع هذا الاجراء من قبل مقر ق ح ن الا أن القائد أشار خلال زيارته لشعبتنا وتقديمه تقرير الى السيد المدير العام (عرضناه بمطالعة خاصة) بأنه اتخذ هذا الاجراء بسبب قيام المخربين المذكورين قبل إلقاء القبض عليهم بفتح النار على الطائرة السمتية محاولين إسقاطها

FOR OFFICIAL
USE ONLY



EXHIBIT 29
IST.A8072.016.005

031-03-CM039-6226

005142

الرقـــــم : ( ٧١٦ )

١٩٨٨/٦/ ١٦ ١٤٣٠ طهران / فارسي

( الصحف السورية تنشر اخبارا وادعاءات عن تنفيذ حكم بالاعدام بعدد من الاشخاص داخل العـــــــــــراق )

==========================================

ذكرت وكالة انباء الجمهورية الاسلامية الايرانية ان نظام العراق قام مؤخرا بالقـــــاء ثلاث جثث لاشخاص قام باعدامهم بسبب عدم الاشتراك والامتناع عن الالتحاق الى جبهات القتال ضد ايران من طائرة هليكوبتر في ساحة مدينة اربيل ٠

وقد طبعت صحف دمشق هذا الخبر اليوم وكتبت في الصفحات الاولى ( ان نظـــــام العراق يقوم باعدام مجموعات جديدة من العراقيين مقابل المنطقة الواقعة قرب دائرة الامن في مدينة الناصرية ويقوم بالقاء عدد من شباب مدينة اربيل وعدد من سكان المدن الاخرى من بينها ( الخالص ) بالسجون بتهم معارضة نظامه وطبقا لهذه التقارير فان صـــــدام شخصيا اصدر امرا بان تصور افلام عن المعدومين وتعرض لسائر الناس ٠

FOR OFFICIAL USE ONLY

EXHIBIT 34

IST.A8072.016.001

٨/٢٨ | سريه فوريه 005144 | وقت الانشاء | موجــــــــــــه

٢٨/٦/٨٨

من / م٥ م الشماليــــه
الى / الاستخبارات ( ر٢ )

و / ر١ منظومتنـــا

رقم المنشىء/ ر٢/ ن٢/ (٠) كويستجي ١/٠٠٠/١٠٠ (٠) بالساعه ٢٠٠ يوم

11265

٦/٢١ شرعت قوه ... مرتبـه بأمرة القوات الثانيه وتتألف من سرية دبابات وعدة رعات وسرية مغاوير مواقع فل ١ والسريه السرتيه ٦/ وجاميع من مقاطعي الأفواج التاليه /ف٠١ ـ ف١٢ ـ ف١٢٠ ـ ف٨٥ ـ ف١٢٥ ـ ف١٦٢ ـ ف٢١ ـ ف٢٤١ ـ ف١٣٨ه ٠ وطني ومجموعه من مقاطعي محمـــد ساد ن شواني ( تشكيل حديث ) بواجب تفتيش وتدمير وازالـة القـــرى التاليـه (٠)١(٠) كاني ليله (٥٧٦٩) (٠)٢(٠) أويركـــه (٥٢٧٤) (٠)٣(٠) سيكويه كان (٥٠٦٦) (٠)٤(٠) سيكانـــي (٤٦٦٩) (٠)٥(٠) شيطان رحمن (٤٤٦٦) (٠)٦(٠) قيســـر (٤٥٦٦) (٠)٧(٠) أوسـال (٤١٦٨) (٠)٨(٠) بوده سيسي (٤٤٧٨) (٠)٩(٠) سيركـه (٤٤٧٨) (٠)١٠(٠) بلنكســر (٤٢٧٦) (٠) تمكنت القوه أعلاه من حرق قريتي بوده سي وسيركـــه ويحس الدور المتفرقه في واد ي شلغــه والأستيلاء على عجله نوع تويوتــا لانه كروز مع (٢) دراجه بخاريه (٠) بالساعه ١٠٠٠ من نفس اليـــوم تعرض المخربين على ف٢٤١ في قرية بلنكســر مما أدى الى فقدان عجلـه نوع واز قياده مع جهــاز ( أر/١٠٠ ) و (١) رشاشه بي كي سي (٠) قامت مجموعه أخرى من المخربين بالتعرض على مقاطعي ف٢٦١ه ٠ وطنـي في قرية سيكويه كان (٠) نتيجتها أستشهاد أحد المقاطعين المنسوب الى الفوج المذكور (٠) بتاريخ ٦/٢٤ عادت القوه أعلاه الى مقرات ٦/ في طق طق (٠) يرجى الاطـــلاع ٠

TAB A
2075/5

العقيد الركن
مدير منظومة أستخبارات المنطقه الشماليـــه

ت ٢٨/٦

IST.A0929.052.002

IST.A5550.016.049

007158

حزب البعث العربي الاشتراكي
قيادة شعبة دهوك
قيادة فرقة المجاهد

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة
العدد/ ٤/ ٥٩٤
التاريخ ٢٧/ ٧/ ٩٨٨

١٧٢
٢٧/ ٧

(سري وشخصي)

2048
#9

الى / كافة الخلايا الحزبية
م / العائدون للصف الوطني

تحية رفاقية

كتاب قيادة شعبة دهوك ٤/ ٢٧٠١ في ٢٧/ ٧/ ١٩٨٨
والمتضمن ما يلي :-
استنادا الى الفقرة (أولاً) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ١٦٠ في ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧.
نسب الرفيق المناضل علي حسن المجيد / عضو القيادة القطرية امين سر مكتب تنظيم الشمال في الاجتماع المنعقد بتاريخ ٢٢/ ٤/ ٩٨٨ ما يلي :-

١- يعفى المخرب العائد الذي يسلم نفسه مع سلاحه من المناطق التي لم تشملها عمليات الأنفال لحد الآن من جميع الجرائم - بما فيها جريمتي الهروب والتخلف.
٢- يعفى المخرب العائد بدون سلاح من المناطق التي لم تشملها عملية الأنفال من جريمة الالتحاق مع زمر التخريب وكذلك جريمتي الهروب والتخلف.
٣- لا مانع من قبول تطوع المذكورين أعلاه بأفواج الدفاع الوطني.
٤- لا مانع من قبول العائدين من زمر التخريب مع سلاحهم بأفواج الدفاع الوطني.
٥- لا يقبل تطوع المذكورين أعلاه فيما اذا شملت مناطق سكناهم بعمليات الأنفال البطولية.

يرجى الاطلاع وتثقيف الجهاز الحزبي بما ورد في أعلاه لاتخاذ ما يلزم مع التقدير

ودمتم للنضال ...

الرفيق
بديع احمد الحبيب
امين سر قيادة فرقة المجاهد

IST.A0929.035.011

IST.A5550.016.137

٤٢٢

005256

IST.A0932.011.015

٢٠٦٢٥ ٣
٩/٢٥

٢٤٠٢
٩/٢٥

٩

٢
التاريخ ٢٤/٩/١٩٩٣

٩/٢٤

من/م١ بن لعوز سريه فوريه

الى/م١ م الشرقيه /ى٢

الرقم/١١٨٦/ علمنا من المتعاون معنا باسم صالح سعيد درجة الثقه به جيده

مايلي/ بعد عملية الانفال الرابعه تم حجز عدد من العوائل التي كانت تسكن في

المناطق المحذوره امنيا في مركز شباب العوز/ قام المقاتل جبار عزيز حسن آمر

المفرزه الخاصه الرقم/١٤٦/ المرتبطه بمعاونية امن العوز بتهريب عدد من العوائل

اثناء الليل واسكانها داخل القضاء ولازالت احد العوائل اعلاه تسكن في القضاء

خلافا للتعليمات التي تنص على ترحيل العوائل الى المجمعات السكنيه/ يرجى

الاطلاع

2123
#3
I

المرسل/حاتم

المستلم/عبد الله

الوقت/٢٢٠٠

السيد المدير

يرجى التفضل بالاطلاع

واقترح اشعار المركز

للتنسيق مع امن العائلة

للاشراف على العائلة

المذكوره واعادتها الى

...

...

العقيد

٢٥/٩/٨٧

005471

السيد المدير المحترم

تحية وتقدير

بتاريخ ١٩٩٠/٩/٢٥ أمر السيد المدير المحترم بالتوجيه الآتي :-

تكون عبارة ( لم تتوفر لدينا معلومات عن مصيرهم )

بدلاً عن عبارة ( وقبض عليهم في عمليات الأنفال البطولية ولا زالوا محجوزين حالياً ) .

لغرض أن نكون دقيقين في التعامل مع هكذا حالة .

ج

١٠/٢

ضابط ن ٢ / ٠

طرحت في المؤتمر

الشعبة G

[illegible]

١٠٣ / G

١٩٩٠/١١/١٨

102-7

A

بسم الله الرحمن الرحيم 005583

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

العدد : م١ / ش٣ / ق٢ / ١٥٥٢٧

التاريخ : ٢٩ آذار ١٩٨٧

سري للغاية وشخصي

يجب الإشارة الى الرقم كاملاً

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

العدد / ١٠٨

التاريخ ٢١ / ٤ / ١٩٨٧

الى / منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

الموضوع / ترحيل قسري

---

الحاقاً بكتابنا السري للغاية وشخصي [redacted]
حسب الغاء نواحي ( سنكاو ـ قره داغ ـ العيلر ) وازالة ابنيتها
باستثناء ما يحتاجه ف ل ١ وقيام وزارة الحكم المحلي بتهيئة مناطق سكنية
للمرحلين وتسفيرهم .

نرجو متابعة مراحل ازالة النواحي المذكوره وردود الفعل واعلامنا .

العميد الركن

مدير الاستخبارات العسكرية العامة

السيد المدير

للتفضل بالاطلاع

[illegible]

٢١ / ٤

[illegible]

(١ـ١)

سري للغاية وشخصي

2104
#12

IST.A0929.070.075